# عیماد ئەحمەد

# دوو گفتوگۆی رۆژنامەوانی

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆلانی ـ ٤٤ ، ژ. خانوو ـ ١

www.hoshiari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی کتێب: عیماد ئەحمەد
دوو گفتوگۆی رۆژنامەوانی
تایپ: لیزان سامی، نیاز جەلال
چاپی: یەکەم ـ ساڵی ٢٠٠٩
نەخشەسازو دیزاینی بەرگ: ئەمیرە عومەر
چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
تیراژ : (٢٠٠٠) دانە
ژمارەی سپاردن: ( ١٦٥٤) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرە : (٢٠٦)
لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

# پێشەکی

بڵاوکردنەوەی ئەم دوو گفتوگۆیە، کە چەند ڕۆژێك لەمەوپێش لەگەڵ بەڕێز کاك عیماد ئەحمەد کراون، گرنگی خۆی هەیە، نەك لەبەر هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەڵکو ناوەڕۆکی هەردوو گفتوگۆکە تیشك دەخەنە سەر شێوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنو ئەو راستیانەی بەشی زۆری کۆمەڵانی خەڵك ئاگاداری نیینو بەرگوێیان نەکەوتووە.

بڵاوکردنەوەی ئەم دوو گفتوگۆیە بەشدارییەکی سادەی (م. ب. ه)ی (ی. ن. ك) لەهەڵمەتی گەیاندنی راستی بەکۆمەڵانی خەڵك، بەهیوای نەشاردنەوەی راستیە زەقو زۆڕەکان، لەبن حەملەی تاریککردنەوەو شێواندنی داتاو رووداوو پرۆژەکان، کە تەنیا خزمەت بە ناراستیو زیان گەیاندن دەکات!

ئێمە هەردوو گفتوگۆکە بەبێ دەستکاری وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە، هەرچەند دەزانین، لەهەندێ شوێندا وشە، یان رستە پەڕیوە، یان دەربڕینو داڕشتنەکە مەبەستی بەوردی نەپێکاوە.



سەرجەمی دەورو کارەکانی کاك عیماد لەم قۆناغەدا پێویستی بە لێدوانو لەسەر نووسین هەیە، ئێمە لەبەر بارودۆخی ئێستای خەبات، حەز دەکەین ئەو پرۆژەیە بۆ داهاتووی نزیك بمێنێتەوە.

**مەکتەبی بیروهۆشیاری**

# لیستی کوردستانی یەکەم و چاکسازی دووەم دەبێت*

**دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئەو دەنگانەی پێشبینی دەکرێت هەریەك لەلیستی کوردستانی و گۆڕان و چاکسازیی بەدەستیبهێنن، هەروەها ئەو وادەو بەڵێنانەی حکومەت لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا دەیدات بە هاوڵاتیان، ئاوێنە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت عیماد ئەحمەد دا سازکرد.**

**ئاوێنە:** لەچەند رۆژی رابردودا لەهەولێر سەردانی بنکەی لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنت کرد، هۆکەی چیبوو؟

**عیماد ئەحمەد:** من وەك جێگری سەرۆکی حکومەت رۆژی یەکشەممە سەردانی بنکەکانی لیستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی و لیستی گۆڕان و تورکمان و هەروەها لیستی کوردستانیم لەهەولێر کرد، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگامان لێیانبێت. هەروەها بۆ ئەوە چووین کە پێیان بڵێین ئێمە وەك حکومەت بێلایەنین، پێویستە ئەو

* ئەم بابەتە وەرگیراوە لە رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (١٨١) ، لە رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٩ دا بڵاوكراوەتەوە.



پرۆسەیە بەهێمنی و ئارامی بەڕێوەبچێت و ململانێش لەسەر ئەوە بێت، کە چ لایەنێك دەتوانێت بەرنامەیەکی باش پێشکەش بکات.

هەروەها بۆ ئەوە چووین ئەگەر داواکارییەکیان هەبێت گوێیان لێبگرین و سەرجەممان کار بۆ ئەوە بکەین لەناوخۆمان یەکتری قبوڵ بکەین و گوێ لەیەکتری بگرین، چونکە ئێمە بەیەکەوە جوانین، بۆ ئەوەی سبەینێش لەپەرلەمان پێکەوە یەکتر قبوڵ بکەین و لەسەر بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان هەمووان هاوبەش بین. بە کورتی ئێمە دەمانەوێت کەشێکی باش بۆ هەڵبژاردن بخوڵقێنین، بەو ئامانجەی ئەم هەڵبژاردنەش سەرکەوتنێکی تر بێت و بیخەینە سەر سەرکەوتنەکانی تری گەلەکەمان.

**ئاوێنە:** تۆ لەو باوەڕەدایت دەزگا ئەمنییەکان و هێزەکانی ناوخۆ دەتوانن بێلایەنی خۆیان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بپارێزن و کۆمەکی لیستی کوردستانی نەکەن؟

**عیماد ئەحمەد:** ئێوە دەزانن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات و کۆمەڵێك یاسای داناوە. لەسەر ئاستی کوردستان

وەزیری ناوخۆ سەرپەرشتی باری ئەمنی دەكات، لەپارێزگاكانیش لیژنەی ئەمنی دروستكران، پارێزەرەكان سەرۆكایەتیان دەكەن، پۆلیس و هێزەكانی ناوخۆو ئاسایش هەریەك بەپێی بڕیارو ڕێنماییەكان بەكارەكانی خۆیان هەڵدەسن، بەڵام ئەوان دەست لەهەڵبژاردنەكان وەرنادەن، ئەوان فەزایەكی هێمن و ئارام بۆ ئەنجامدانی پرۆسەكە بەقەرار دەكەن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەهەلومەرجێكی سروشتیدا روو لەدەنگدان بكەن.

**ئاوێنە:** ئەگەر تەماشایەكی هەڵمەتی هەڵبژاردن بكەین، دەبینین هەولێرو دهۆك هەر دەڵێیت هەڵبژاردنیشی تێدا ناكرێت، بەڕای تۆ هۆی ئەمە چییە، لەسلێمانی رۆژی حەشرەو لەوێ كش و مات؟

**عیماد ئەحمەد:** لەهەولێرو دهۆكیش هەڵمەتی هەڵبژاردن هەیە، بەڵام شێوازەكەی جیاوازە، هەروەها سروشتی شوێنەكەو شێوەی كێبەڕكێكە جیاوازە، چونكە مەڵبەندی ململانێكە لەنێوان لیستی كوردستانی و گۆڕاندایە، لەناو شاری سلێمانیدایە، چونكە زۆربەی بەرپرسانی لیستی گۆڕان لەو شارەدان، ئەو حاڵەتی



لێكترازان و لێكجیابوونەوەیە وایكردووە، كە كێبڕكێكە لەسلێمانی توندتر بێت.

**ئاوێنە:** ئەمە تاچەند بەندە بەوەی فەزای سلێمانی دیموكراسیترە لەهەولێرو زۆر زیاتریش لەدهۆك و ئیشكردن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەم دوو شارە زەحمەتەو گرانترە؟

**عیمان ئەحمەد:** رەنگە ئەمە تەفسیری ئێوە بێت، خۆتان دەزانن ئەو رۆژنامە ئەهلییانە كە دەوری ئۆپۆزسیۆن دەبینن، زیاتر لەسلێمانی وجودیان هەیە، ئەو رۆژنامانە دەوریان هەیە لەوروژاندنی مەسەلەكان و لەتیژكردنی ناكۆكییەكان و هاندانی خەڵك، راستە رۆژنامەكانی ئێوە دەگاتە هەردوو پارێزگاكەی تر، بەڵام كاریگەرییەكەی زیاتر لەسەر سلێمانییە. هەولێر پایتەختەو خسوسیەتی خۆی هەیە، دهۆك سروشتێكی تری هەیە، جۆری خەڵكەكەو لایەنە سیاسییەكان و ململانێكانیشیان جیاوازە. ئێوە خۆتان دەتوانن ئەو حوكمە بدەن و ئەو بارە هەڵسەنگێنن.

**ئاوێنە:** دەنگوباسی ئەوەیە بۆ سازدانی راپرسی پسپۆڕی دەرەوەتان هێناوە، بەپێی ئەو راپرسییانە لیستی کوردستانیو لیستی گۆڕانو لیستی چاکسازیی چەند کورسی دەهێنن؟

**عیماد ئەحمەد:** لیستی کوردستانی یەکەم دەبێت لەهێنانی دەنگەکاندا، پاشان لیستی چاکسازییو پاشان لیستی گۆڕان دێت.

**ئاوێنە:** هەست دەکرێت هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی لەڕووی خەرجییەوە پارەیەکی زۆری تێچووە، ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ ئەو هەڵمەتە چەندە؟

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە وەك حكومەت هیچ پارەیەكمان تەرخان نەکردووە بۆ لیستی کوردستانی، ئەوە لەبودجەی حیزبیی خۆیان دایانناوە. من پەیوەندیم بەو مەسەلەیەوە نییە، لیستی کوردستانی بۆ ئەو مەسەلەیە لیژنەیەکی باڵای هەیە.

**ئاوێنە:** لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانیی لەهەولێرو دهۆك سەرباری ئەوەی کزە، پۆستەری لیستی



کوردستانییو وێنەی د. بەرهەم ساڵح زۆر بەکەمی دەبینرێت، کەچی لەسلێمانی ئێوە بەشێوەیەکی بێشومار پڕوپاگەندە بۆ بارزانی دەکەنو وێنەیتان لەگشت شوێنێك هەڵواسیوە، هۆکەی چییە؟ هەست ناکەن ئێوە لەپڕوپاگەندەشدا جیاوازییەکتان هەیە؟

**عیماد ئەحمەد:** ئێمە دوو حیزبی جیاوازین جیاوازییەکانی خۆمان نەشاردۆتەوە، بەڵام رێککەوتوین بۆ یەك لیست بۆ پەرلەمانو بۆیەك کاندید بۆ سەرۆك کاربکەین. هەریەکەشمان بەشێوازی خۆی کاردەکات. ئێمە لەسەرەوە بۆ ئەمە کاردەکەین، رەنگە هەموو بنکە حیزبییەکان وانەبن، بەڵام کارکردنمان پێکەوەو ئەو رۆڵەی جەنابی مام جەلال دەیگێڕێت لەپڕوپاگەندەکردندا بۆ کاك مەسعود بارزانی وەك کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکی هەرێم، دەورێکی گەلێك گرنگی بینیوە لەکاری هاوبەشو گورێکی داوە بە هەڵمەتەکە لەناو لایەنگرانیو پارتیو یەکێتیدا. ئەم کارکردنە بەیەکەوە زەمینەیەکی باشی خوڵقاندووە بۆ ئەوەی هەردوو حیزبی سەرەکی ئەم قۆناغە هەستیارەی گەلەکەمان پێکەوە تێپەڕێنینو ئەم کاروانە بگەیەنینە جێگەیەکی باشترو پێشکەوتوتر، وردە وردە

جیاوازییەکان روو لەکەمبوونەوە دەکەن‌و بابەتە هاوبەشەکان زاڵتر دەبن.

**ئاوێنە:** لەو کاتەوەی تۆ بوویتە جێگری سەرۆکی حکومەت‌و لەو کاتەشەوە کە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستیپێکردووە، دنیایەك بەڵێنی ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانە....هتد. دراوە بەخەڵك، ئایا ئەمە چەندیان تێدەچێت، ئایا دوای هەڵبژاردن پابەند دەبن بەم بەڵێنانەوە؟

**عیماد ئەحمەد:** یەکەم، زەمەن دەریدەخات چەند پابەندین پێیەوە، دووەم، ئێمە بەڵێن‌و وادەی خەیاڵمان نەداوە بەخەڵك بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانراوە، بەپێی ئەو بودجەیەی دانراوە ئەو بەرنامەیەی هەیە، جێبەجێی دەکەین. بۆ نموونە بۆ وشکە ساڵی ئێمە بڕیارمان داوە ئەم کێشەیە چارەسەربکەین. کێشەی کارەبا دەمێکە کارمان تێداکردووەو بەرەو چارەسەر دەچێت. بۆ مەسەلەی خزمەتگوزاری نەخۆشخانەو قوتابخانەو رێگاوبان پلانمان هەیەو کاری بۆ دەکەین، قیرتاوی رێگەو بانەکانمان کردووەو خەریکین، خانوی



چەندان گەڕەکمان تاپۆ کردووە، چ بەڵێنێك هەیە خەیاڵییەو جێبەجێمان نەکردووە؟

**ئاوێنە:** خەڵك دەڵێن لەتاپۆکردنی خانوو زەوییەکاندا حکومەت هانی کاری نایاسایی دەدات، خەڵکەکە دەڵێن دەچین خانو بە تەجاوز دروستدەکەین‌و دوای چوارساڵ لەسەرمان تاپۆ دەکەن؟

**عیماد ئەحمەد:** ئەوانەی تاپۆکراون، زۆریان مێژوویەکی درێژیان هەیە، وەك خانوی شێخان کە لەساڵی حەفتاکانی سەدەی رابردووە ماوەتەوە. گەڕەکی ئەلبانی بەکرەجۆ کە ئەویش هی ساڵی حەفتاکانە. یان ئەو خانوانەی لەسەر بڕیاری ٩٨٦ دروستمان کردووە تاپۆی ئەکەین... هتد. هەروەها خەریکی تاپۆکردنی ناوچەی پیشەسازیی کۆن‌و سەرقاڵی چارەسەرکردنی شوقەکانی قلیاسانین، ئەمانەش هەمووی لەقازانجی خەڵکی زەحمەتکێش‌و هەژاری ئەم شارەدایە. هاوکات هەر تەجاوزێك لەمرۆدا کراون‌و تازەن، روخاندوومانە، ئەوانەی تاپۆکراون هەموویان کۆنن.

**ئاوێنە:** بەو پێیەی تۆ لەکابینەکانی حکومەتدا وەزیر یان جێگری سەرۆك وەزیران بوویت، ئایا کابینەی نوێی حکومەت دەبێت چەند وەزیر بێت؟

**عیماد ئەحمەد:** پێموابێت نابێت لە ٢١ وەزیر تێپەڕبکات. ئێمەی لیستی کوردستانی بەرنامەمان هەیە تەقلیسی وەزارەتو تەرشیقی حکومەت بکەین، بۆ ئەوەی حکومەتێکی کاراتر دروستبکەین، ئەمەش بەندە بەو هاوپەیمانێتییەی دوای هەڵبژاردن دروستدەکرێت.

**ئاوێنە:** ئێوە لەبەرنامەی لیستی کوردستانیدا ئاماژە بۆ پێکهێنانی لیژنەی نەزاهەو پەیڕەوکردنی شەفافیەتی دارایی دەکەن، ئایا پابەند دەبن پێوەی یان هەر بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنە؟

ئایا هەر لەناو سەرکردایەتی لیستی کوردستانیدا کێشەی بۆ دروست ناکرێت، چونکە رایەك هەیە دەڵێن ئەگەر شەفافیەت پەیڕەو بکرێت، ئەوا رەنگە یەکەمجار کەسانێك بگرێتەوە کە خۆیان بەرپرسی باڵای حیزبەکانن؟



**عیماد ئەحمەد:** پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن لەسەرۆکایەتی هەرێم، لەدانیشتنی دوو قۆڵی باس لەمە کراوە قسە لەگەڵ پەرلەمانیش کراوە لیژنەی نەزاهە دروستبکرێتو یاساکەی بۆ دەربکرێت، هەتا باس لەدیاریکردنی ناوەکانیش دەکرا، کە تیایاندا بوو پارتیو یەکێتی نەبوون. پێش دوو ساڵ لەمەوبەر قسەمان کردووە، بەڵام یاساکەی دەرنەچووەو لەخولی ئایندەدا دەیکەین.

**ئاوێنە:** لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا لەلایەن هەردوو حیزبەکەوە ئەو بۆچوونە تۆخ بووەتەوە کە تۆمەت دەخاتە پاڵ میدیای ئەهلیو بە ئۆپۆزسیۆنو بەو میدیایە ناوی دەبات کە ململانێکان توندتر دەکاتەوە؟ بۆ ئەمە وەك دیاردەیەکی دیموکراتی تەماشا ناکەن؟

**عیماد ئەحمەد:** من بەدیاردەیەکی باشی دەزانم هەتا هەڵەش بکات، لاش بدات من بەدیاردەیەکی تەندروستی دەزانمو سەروەرییەکە بۆ دەسەلات، بەتایبەتی یەکێتیو پارتی. ئەمانن کە خەڵکیان فێرکردووە کە ببنە ئۆپۆزسیۆنو رای جیاواز دروستبکەنو یەکتر قبوڵ

بکەین. زۆرجار بەرامبەر سەرکردایەتی حیزبو یەکێتی ناهەقی کراوە، بەسنگ فراوانییەوە قبوڵمان کردووە.

هەروەها ئێوە چۆن گلەیتان لەئەدای حکومەتو یەکێتیو پارتی هەیە، ئێمەش گلەییمان لەئەدای ئێوە هەیە. بەڵام ئێمە ئێوە رەتناکەینەوە، پێمانخۆشە دەورتان هەیە، هیواداریین کاری هەموانیش لەخزمەتی ئەزمونی دیموکراتی کوردستاندا بێت.

## ئۆپۆزسیۆن سوودو زیانیشی هەیە، سوودی ئەوەیە کە هەموومان کەوتوینەتە خۆمان ئیشی باش بکەین*

**عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان خۆی بە میراتگری جێگری پێشوو دەزانێت‌و لەو بڕوایەدایە، حکومەت بەردەوام پێویستی بە گۆڕانکاریی‌و چاکسازیی هەیە. جێگری سەرۆکی حکومەت لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا تیشکدەخاتە سەر ئەو گەرموگوڕییەی لەبانگەشەی هەڵبژاردن لەسلێمانی هەیەو دەڵێت: ئەوەی لەسلێمانی هەیە، زیاتر لەناو یەکێتیدا روویداوەو قورسایی یەکێتیش زیاتر لەسلێمانییە، ئەم رەوتەش کە دروستبووە زیاتر لەچوارچێوەی ئەم ناوچەیەدایە، بۆ ئەوەش لیستی گۆڕان دەستپێشخەرە نەك ئێمە. هەروەك ئەوە رەتدەکاتەوە کە خەڵك لەسەر بیروڕای**

* وەر گیراوە لە رۆژنامەی رۆژنامە ، ژمارە (٥١٣) ، رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.



**جیاواز لەحوکمەت دەرکرابێت‌و دەڵێت: لەحکومەت یەك کارمەند لەسەر بیروباوەڕی جیاواز، لەسەر لیستی گۆڕان دەرکرابێت لەتۆ زیاتر دیفاعی لێدەکەم، بەڵام لەپۆستێك کە پۆستی من‌و یەکێتی بێت‌و لەشوێنێك بێت‌و ئیش بۆ حکومەت نەکات لەو پۆستە لایدەبەم کاتێك وەزارەتی تەشکیل دەکرێت هەر کەسێك خەڵکی خۆی لەو وەزارەتە دادەنێت، ئەگەر یەکێتی نەبێت من لەو پۆستە دانانرێم.**

**رۆژنامە**: دوای ئەوەی بویت بەجێگری سەرۆکی حکومەت لەسەر چ پلانێك ئیشت کردووە؟

ـ بەپێی ئەو پلانەی کە پێشتر هەمان بووە، حکومەت لەکابینەی پێنجەمدا بەرنامەو پلانی خۆی هەبووە، لەچوارچێوەی وەزارەتەکەی خۆم (ئاوەدانکردنەوە) کارم کردووە، کە هاتمە ئەم پۆستە لەگەڵ کاك نێچیرڤان چی هەبووە وەك پێویست جێبەجیمانکردووە، هەوڵمداوە ئەگەر چاکسازییەك بکرێت جێبەجێی بکەن، دژایەتی گەندەڵی بکەین، خەڵکی شیاو لەشوێنی شیاو دانێین، ئەو پرۆژانەی کە پێویستی بە هاوکاری بووە هاوکاری بکەین، هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاریی کە ئێستا لەئارادایە جێبەجێی بکەین. هەوڵبدەین رۆتین کەمبکەینەوە، ئەمانە هەمووی هەوڵدانن، لەم ماوە کورتەدا ناتوانیت

بڵێیت کودەتایەك لەسیستمی ئیدارییدا دەکەم، زیاتر مەیدانی بووین‌و سەردانی خەڵکمان کردووەو گوێمان لەخەڵك گرتووە، لەگەڵ چین‌و توێژەکاندا دانیشتووین‌و بۆ گلەیی‌و گازندەکانیان چیمان پێکرابێت لەداواکاریەکانیان جێبەجێمانکردووە، ئەوەشی پێویستی کردبێت بە بڕیارێکی بە کۆمەڵ داومانەو لەگەڵ کاك نێچیرڤانیش تێگەیشتنێکی باش هەیە لەنێوانماندا.

**ڕۆژنامە:** ئێوارەی ڕۆژی ٢/٢٥ کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردیانیتە جێگری سەرۆکی حکومەت، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا وتت تائێستا هیچ پلانێکی کارکردنم نییە، بە دیاریکراویی پلانی خۆت بۆ ئەم ماوەیە چی بووە؟

ـ زیاتر بە پیر داواکاریی خەڵکەوە چووم، زیاتر خەڵك‌و گەڕەکەکە هەژارەکانم بەسەرکردۆتەوە، بەشەخسی خۆم ویستوومە کێشەی ئەوانە چارەسەر بکەین.

**ڕۆژنامە:** هیچ کێشەیەکتان چارەسەرکردووە؟

ـ بەڵێ.



**ڕۆژنامە:** وەك چی؟

ـ وەك کێشەی وشکەساڵی کە ئێستا هەیە.

**ڕۆژنامە:** چۆن چارەسەرتانکردووە؟

ـــ میزانییەمان بۆ داناوەو قایمقام‌و بەڕێوەبەری ناحیەو شارەوانیمان ڕاسپاردووەو بە ملیۆنان دینار خەرجکراوە بۆ ئەوەی تەنکەر بکڕدرێت‌و بەکرێ بگیرێت‌و بیری ئیرتیوازی لێبدرێت.

**ڕۆژنامە:** ئەمە پلانی شەخسی خۆت بووە یان هی حکومەت؟

ـ نا، پلانی حکومەت بووە، من بەشێکم لەحکومەت، چونکە ناتوانیت وەك تاك پلان دانێیت، دەبێت لەچوارچێوەی حکومەتدا داراییم مسۆگەر بکەم، بۆ پلانی من دەبێت کاك نێچیر ڕازی بێت‌و ئەو وەزارەتەی کە ئیشەکەی بۆ دەکەم موافەقەت بکات، کارمەندەکانی ئیشوکارەکانی بکەن، بەڵام من وەکو شەخسی خۆم کارمکردووە بۆ ئەوەی پرۆژەکان زیندوو بکەینەوەو

خێرا جێبەجێیان بکەین، مەیدانییەن شوێنەکان بە چاوی خۆمان ببینین‌و گرفتەکان بزانین، دەستبەجێ چارەسەری بکەین، کادیرەکانمان فێربکەین کە بڕیار لەبەرژەوەندیی گشتی بدەن.

ئێمە گرفتێکمان هەیە کە سەرچاوەی بڕیار یان زۆرو بۆرە یان دەترسێت بڕیار بدات، زیاتر وەك مەبدەئی خۆم لەسەر ئەو بەرنامەیە ڕۆیشتووین، کە پێشتر هەبووە، بەڵام خێراترو کاراترو مەیدانیتر.

**ڕۆژنامە :** هەر ئەو ئێوارەیە بوویتە جێگری سەرۆکی حکومەت وتت یەکێك لەکارەکانی من دانانی کەسی شیاوە لەشوێنی شیاو، ئەوانەش کە لەشوێنی شیاو نین لایان دەبەین، ئێستاش هەمان قسەت دووبارە کردووە، دوای پێنج مانگ لەدەستبەکاربوونت، چیت لەو قسانە جێبەجێکردووە؟

ـ خەڵکی زۆرمان لاداوە....

**ڕۆژنامە :** ئەوانە هیچیان کەسی شیاو نەبوون؟

ـ ناتوانم حاڵەتەکان روون بکەمەوە، ئێمە ئەوەمان بە بەرژەوەندی زانیوە، ئاڵوگۆڕمان لەشوێنەکان کردووە،



خۆم ئەوەم بە باش زانیوە، هەندێك ئاڵوگۆڕ لەهەندێك دامەزراوەدا بکەین، هەندێك دەموچاو بگۆڕین. ناشتوانم بەو پێنج مانگە بزانم چاکمکردووە یان خراپ.

**ڕۆژنامە :** کەواتە ئەو ئاڵوگۆڕکردنە لەسەر بنچینەی قەناعەتی تۆبووە، نەك لێکۆڵینەوەو دیراسەکردن؟

ـــ نا.... پێشتر هەبووە، دیراسەکراوە، ئێستا دەرکەوتووە کە لەهەندێك شوێن خەڵکێك هەبێت دەستکاری بکەین، نزیکەی ٢٠ـ٣٠ پۆست گۆڕدراوە.

**ڕۆژنامە :** کەواتە بە بڕوای ئێوە ئەو کەسانە خەڵکی شیاو نەبوون لە شوێنەکانیاندا؟

ـــ هەندێکیان ماوەیەکی زۆر بوو لەو شوێنانە مابوونەوە.

**ڕۆژنامە :** واتە پیر بووبوون؟

ـــ پیرنەبوون، بەڵام دەتوانین لەشوێنی دیکە بەکاریانبهێنین. لەوانەیە هەندێکیان سەرکەوتوو نەبووبن لەبوارەکەیاندا، لەوانەشە هەندێکیان

لەشوێنێکی دیکە رۆڵێکی زیاتریان بینیبێت، هەندێکیشیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

**رۆژنامە:** ئەو گۆڕانکارییانە پێویستن، بەڵام چاودێران لەو بڕوایەدان گۆڕینی سیستم پێویستە نەك دەموچاوەکان ئەی بۆ ئەوە چیتان کردووە؟

ـ ئەو مەبدەئە راستە، دەبێت گۆڕان (نەك گۆڕانەکەی ئێوە، گۆڕانی ئێمە) لەسیستمەکەدا بکرێت، دەبێت هەندێك یاسا هەموار بکرێت، هەندێك لەنیزامی وەزارەتەکان دەستکاری بکرێت، دەبێت هەندێك رێنمایی دەستکاری بکەین، هەندێك تەشکیلەی وەزارەتەکان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دەستکاری بکەین، دەبێت حکومەت بچووك بکەینەوەو تەرشیقی بکەین.

بەشێکی دیکەی عەقڵییەتەکان بگۆڕین، ئەو سیستەمو رۆتینەی کە جاران هەبووە دەبێت ئێمە گۆڕانکاری تێدا بکەین، ئێمە لەرێگەی رێکخراوی پی دەبلیوسی ئەمریکی کە لەگەڵیان دانیشتووینو داتای خۆیان لایەو بەشی یەکەمیان تەواوکردووەو بەشی دووەمیش بەرنامەیەك دادەنێین بۆ گۆڕینی ئەم سیستەمەی لەکوردستان هەیەو قۆناغی سێیەم دەیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.



قۆناغی یەك، کۆکردنەوەی زانیارییە، قۆناغی دووەم دانانی بەرنامەیە، نەخشەی رێگا، قۆناغی سێیەم جێبەجێکردنەکەیەتی.

**رۆژنامە:** واتە کوردستان پێویستی بەگۆڕانە؟

ـ ئێمە ناوی دەنێین گەشەکردنو چاکسازی، ئەوەی ئێوە لای خۆتانەوە کردووتانە شتێکی راستە، ئێمە دەبێت لەپەرلەمانـدا بەیەکەوە دانیشینو یاساکان دەستکاری بکەین، شان بەشانی ئەوە خەڵکی شیاویش پێویستە.

**رۆژنامە:** دەکرێت ئەو چاکسازییانە بکرێن، لە کاتێکدا زۆربەی یاساکان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دانراون؟

ــ زۆرربەی یاساکان هی سەردەمی حکومەتەکانی دیکەی عێراقن، ئەو یاسایانەی ئێمە ئیشی پێدەکەین یاسای عێراقە.

**رۆژنامە:** واتا پێویستیان بە گۆڕین نییە؟

ــ هەندێکیان پێویستیان بە گۆڕانەو پەرلەمان کردوونی، بەڵام زۆریان ماوە ئەوانەی ئێمە دەبێت

هەمواریان بکەین، هەمووی لەحکومەتی عێراقەوە بۆمان ماوەتەوە، ناکرێت ئێمە لەسفرەوە دەستپێبکەینەوە.

ئەگەر بڵێیت بە ئارەزووی خۆم شتەکە دەگۆڕم بەس بەدەم خۆشە. ئەگەر بیخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە زۆری دەوێت، هیوادارین بیگۆڕین ئێمە پێمان خۆشە لەکابینەی شەشەم خەڵکی زۆر بێنو بەشداری لەحکومەتو پەرلەماندا بکەن، بائەوەی دەیەوێت بیخاتە بواری پراکتیکەوەو بیگوڕێت.

**ڕۆژنامە :** باسی گۆڕانکاریت کرد لەکابینەی حکومەت چی وایکرد بکەوێتە ئەم چەند مانگەی تەمەنی حکومەتەوە؟

ـ پێشتریش کردوومانە.

**ڕۆژنامە :** بەڵام بەم چرشییەی ئێستا نا...

ــ من لەناو وەزارەتەکەی خۆم (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە) زۆربەی بەرپرسەکانم گۆڕیوە، شێوازی ئیشکردنی ناو وەزارەتەکەم گۆڕیوە بەڵام کە هاتوومەتە ئەم پۆستە ئیشم لەسەر کردووە بۆ نموونە یەکێك لەوانە ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێرییە لیژنەیەکم بۆ



پێکهێناوەو ٧٣٪ی ڕاپۆرتەکانم جێبەجێکردووە، لەم ڕۆژانەدا دیوانی چاودێری دەستخۆشی لەئێمە کردووە، دەستخۆشی لەکاك فاروق جەمیل کردووە کە سەرۆکی ئەو لیژنەیە ئێمە لەسەرووی ١ ملیار دینارەوە هێناومانەتەوە خەزێنەی حکومەت، زۆر خەڵکمان محاسەبەکردووەو زۆر دۆسیەمان داخستووە.

**ڕۆژنامە :** پێشتر بۆ نەکراوە؟

ـ لەو برادەرەی پێش من بپرسە بۆ نەیکردووە. هەر کەسێك شێوازی خۆی هەیە.

**ڕۆژنامە :** کەواتە پێشتر حکومەتێکی چالاکتان نەبووە لە لێپرسینەوەدا؟

ـ ئێمە دەڵێین میراتگری ئەو حکومەتەین، باشبووە شەریکین، خراپ بووە شەریکین.

**ڕۆژنامە :** پێشتر باست لەچوونە ناو خەڵك کرد، بەڵام پێتاندەوترێت ئەمە بۆ خاڵیکردنەوەی تووڕەیی خەڵکە،

بۆیە جۆرێك لەبێسیقەیی بە بەلێنەكانت دروستبووە بۆچی؟

ـ ئەوەی ئێمە كردوومانە مەیدانییەن جێبەجێمان كردووە، بۆ نموونە یەكێك لەو حاڵەتانە كەوتوومانە ئەو خانووانە تاپۆ دەكەین، كردوومانە ئێستا لیژنەمان دروستكردووەو شەوانە ئیش دەكەن.

**رۆژنامە :** بەلاّم ئەمە هەڵمەتی هەڵبژاردن نییە؟

ـ نا، ئەگەر دوای ئەوە نەبوو گلەیی بكەن، خەڵك جاران ڤیرتاوی جادەكانی بەشەو بینیوە، ئەگەر دوای ئەوە نەكرا، گلەیی بكەن. ئێمە ئێستا مەسەلەی كارەبامان چارەسەركردووەو پێشتر ئیشمان بۆ كردووە، كێشەی وشكەساڵیی چارەسەری دەكەین. شتەكان بۆ گشت خەڵكە، نەهاتووین بزانین كێ یەكێتیو پارتییە، ئەمە لەبەرژەوەندی گشتی نییە؟

**رۆژنامە :** ئەی بۆ راكێشانی هەستو سۆزی دەنگدەر نییە؟



ـ ئەی ئەمە حەرامە، یەعنی خەڵك وڵاتو حكومەتەكەی خۆش بوێت یان رقی لێی بێت.

**رۆژنامە :** بەلاّم بە پلان یان بێ پلان؟

ـ كێشەیەك هەبووەو بە پلان چارەسەرمان كردووە. ئێوە پێتان خۆشە نییە حكومەت ئیشی باش بكات. بۆ دەیخەنە قاڵبی گومانەوە؟

**رۆژنامە :** بێگومان پێمان خۆشە، بەلاّم ئەمە گومانی خەڵكە، هی ئێمە نییە؟

ـ نەوەڵڵا هی خەڵك نییە، گومانی ئێوەیە، تۆ ئەگەر دەكەس ببینیت، من هەزار كەس دەبینم، تۆ ئەگەر لەشوێنێك دانیشتوویت، من زیاتر لەخەڵكەوە نزیكم، خەڵك بەرژەوەندیی خۆی دەوێت، تۆ دەبێت بزانیت چۆن بەرژەوەندییەكەی دێنیتە دی، تۆ لەدیدێكی سیاسییەوە تەحلیلی ئەمە دەكەیت، ئەوە تۆیت.

**رۆژنامە:** ئێمە وەك رۆژنامەنووس قسەدەكەین، بەڵام پێمان وایە رۆژنامەنووس زیاتر لەناوخەڵكدایەو نزیكە لەخەڵكەوە وەك لەبەرپرسان........

ـ تۆ رۆژنامەنووسێكی سەربەخۆنیت، بۆ رەوتێك ئیش دەكەیت.

**رۆژنامە:** لەو بڕوایەدایت، رۆژنامەنووسی سەربەخۆ كێیە؟

ـ بۆ نموونە ئاوێنەو هاوڵاتیو لڤین سەربەخۆن.

**رۆژنامە:** كەواتە تۆ ئەو گومانانە دەرەوێنیتەوە كە دەڵێن سەربەخۆ نین؟

ـ من ناڵێم بەرەهایی سەربەخۆن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئێوەدا، ئەوان لەئێوە سەربەخۆ ترن.

**رۆژنامە:** ئەوە بۆچوونی بەرێزتانە، ئێوە لەلایەن هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەو حكومەتەوە لەماوەی دوو مانگدا بەڵێنی پێنج ترلیۆن دینارتان داوە، ئەمە بە پلانەو وەزارەتی پلاندانان ئاگادارییەتی؟



ـ من ئەوانە نازانم، لەو رۆژەوە كە هاتوومو بەڵێنمداوەو كارمكردووە، ئەو بەڵێنانەی كە داومن، میزانییەی هەیە، یان جێبەجێكراون یان جێبەجێیان دەكەین. هەندێكی بە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی پلاندانانو وەزارەتی ئابووری، هەندێكی هەماهەنگی نێوان منو وەزارەتی دارایی، هەندێكیان منو وەزارەتەكان.

**رۆژنامە:** كەواتە ئێوە بەڵێنی دروستدەدەن، كە ئەو پرۆژانە لەداهاتوودا جێبەجێبكەن؟

ـ ئەوەی كە بڕیارمانداوە، ئەگەر نەكرا، گلەیی بكەن، ئێمە نەمان وتووە، ئێستا مانگی دەستكرد بەرەو ئاسمان هەڵدەدەین، وتوومانە جادەكان ڤیرتاو دەكەین، ئێستا خەریكینو وتومانە كارەبا چاك دەكەین، ئەوە ئەمڕۆ هاتە بواری جێبەجێكردنو پرۆژەی ٢٥٠و ٧٥٠ میگاواتیمان كردەوە.

**رۆژنامە:** ئەمانە بەڵێنی پێشترن، مەبەستم لەو بەڵێنانەیە كە ئێستا دەیدەن؟

- وەك چی؟ بۆ نموونە وتوومانە تاپۆ دەكەین ئەوە دەستمانپێكردووە، وتوومانە خەڵك تەعیندەكەین، بەپێی میلاكات خەڵكانمان تەعینكردووە، وتومانە كەرەستەی نەخۆشخانەكان دابیندەكەین، دابینمانكردووە، چی ماوە وتومانە ئەمساڵ ٢٠٠ ملیۆن دۆلارمان داناوە بۆ گەرمیان، ئەوە دەستمانپێكردووە.

**رۆژنامە:** ئەی شكستی پرۆژەكان؟

- هەیە راستە، پرۆژە هەیە شكستیهێناوە، وا ئێستا سەرگەرمی چارەسەركردنین، بۆ نمونە نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەییەكە، خۆ ئینكاری ناكەین، بۆ نمونە هەندێك پرۆژەی دیكە هەن كراون، بۆ نمونە تونێلی پێشڕەو لە ئەزمڕ.

**رۆژنامە:** لەماوەی ١٧ ساڵی حوكمڕانی حكومەتی هەرێمدا، تا ئێستا گلەیی لەكەمیی پرۆژەكان دەكرێن، حكومەتیش باسی كۆمەڵێك دەستكەوت دەكات، بۆ نمونە كارەبا، كەچی كەرتی تایبەت جێبەجێی كردووەو هاوڵاتییان پارەی كارەبا دەدەن.



- بۆچی هێنانی كەرتی تایبەت هێزە یان لاوازییە؟ چۆن توانیومانە كەرتی تایبەت رازی بكەین بێتە كوردستانو بە ملیارەها دۆلار خەرج بكات، بۆ ئەوەی شەریك بێت لە ئیدارەكەمان، دوبەی وا پێشكەوتووە، لە وڵاتان وایە، حەقوایە دەستخۆشی لە حكومەت بكرێت، كە زەمینەیەكی وای دروستكردووە كەرتی تایبەتی هێناوەو خستویەتیە گەڕ.

**رۆژنامە:** ئەمە جێی دەستخۆشییە، بەڵام زەویو سوتەمەنیو شتی دیكەی بۆ دابیندەكات، بۆ حكومەت نەیكردووە، لەكاتێكدا ساڵانە بودجەیەكی زۆر لەوەزارەتەكان دەگەڕێتەوە؟

- نا وانییە، ئێمە تا ئێستا عەجزمان لە میزانییە هەیە، تا ئێستا هیچ ساڵێك نییە میزانییەكە خەرج نەكرابێت.

**رۆژنامە:** بەڵام نرخ زیاد دەكات، بۆچی؟

- بۆ هەر وەحدەیەك كارەبا، حكومەت بە ١٣٠ دینار دەیكڕێت، ئێمە ١٨ دینار لەخەڵك وەردەگرین، ئێمە لیژنەمان دروستكردووە لەوەزارەتەكانی كارەبا، ئابووری، كشتوكاڵ، گشتوگوزار، پیشەسازیو ژووری بازرگانی، كە

بێن دانیشین. ئێمە چەند خەرجدەکەینو چەند پارە دەدەین بە وەبەرهێنانو چەند کارمەندمان هەیە، وەحدەیەك چەند دەکەوێتو چەند پارە لە هاولاتییان وەردەگرین، ئێمە ئامادەین نیوەی هەلگرین، وەك حکومەت دەعمی بکەین، بەلام ئێمە لەوە زیاتر دەکەین، جا تۆ تەسەور دەکەیت غەدر لە هاوولاتیان دەکەین پارە وەرگتنی کارەبا بۆ ئەوەیە دەستیپێوەبگیرێتو رێنوێنی بکەین. ئێستا لەبەر ئەوەی قیمەتەکەی کەمە، حساب بۆ وەحدەکان ناکەین، لەبەرنامەماندایە کارەبا بکەینە کارت، لەوانەیە لەکابینەی شەشدا جێبەجێبکرێت.

**رۆژنامە :** بەپێی راپۆرتی دەستەی وەبەرهێنان، زیاتر لە ٧ ملیار دۆلار لە هەولێر خراوەتە گەر، بەلام لەدهۆك تەنیا ١٥ ملیۆن دۆلارو لەسلێمانیش یەك ملیارو ٥٥٠ ملیۆن دۆلارە، بۆچی سلێمانی وا دواکەوتووەو کەمتر گرنگی پێدراوە؟

ـ هیچ پەیوەندی بە حکومەتی پارتیو یەکێتییەوە نییە، وەبەرهێن لەشوێنێك پارەکەی دەخاتە گەڕ، کە قازانجی لێبکات، دەبێت زەمینەی بۆ خۆش بکەیت، وەبەرهێنان لەسلێمانیش هەیە.



**رۆژنامە :** بەلام بەراورد بە هەولێر، هەولێر شەش ئەوەندەیە، بۆچی وا کەمە؟

ـ هەولێر پایتەختە، لەوانەیە درێژکراوەی سالانی دیکە بوبێت، کە لەئیدارەی هەولێر کراوە، لەوانەیە ئیدارەی سلێمانی بارودۆخی وای نەبوبێت، ئەم ململانێیەی کە ئێستا دەکرێت، وەبەرهێن هاننادات لێرە وەبەرهێنان بکات، ئەمە دەبێتە مایەی غەدرکردن لەشاری سلێمانی، لەوانەیە ئێستا درك بەوە نەکرێت، ئەو ململانێ توندەی لەسەر جادەکان هەیە، وادەکات وەبەرهێنەر نەیەتە سلێمانی، دەلێت ئەگەر حالەتی شارەکە وابێت، بۆ نەچم لەهەولێرو دهۆك بیکەم کە ئارامیی زیاتری تێدایە؟

**رۆژنامە :** کەواتە بۆچی هەموو قاعیدەو قەواعیدی یەکێتی لەسلێمانی دابەزیونو هەلمەتەکەیان گەیاندووەتە ئێستا، لەکاتێکدا لەهەولێرو دهۆك وەك خۆت وتت هەستدەکەین ئارامیی زیاتر هەیە؟

ـ ئەوە لیستی گۆڕانە.

**ڕۆژنامە:** بۆ حکومەت ئەو ئارامییە ناپارێزێت؟

ـ ئێمە ئارامیمان پاراستووە، ئێمە پێش ئەوەی کە لیستی گۆڕان بێتە پرۆسەکەوە، هەڵبژاردنی دیکە هەبووە، بۆ ئەوە نەبووە، ئەمە بەڵگەی چییە، ئەگەر ئێمەین وەك یەکێتی بۆ لەساڵەکانی دیکە نەبووە؟

**ڕۆژنامە:** ئەوە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا پەیدا بووەو دەیەوێت بێتە پێشەوەو کەمتر قبوڵدەکرێت؟

ـ چوار حیزبەکەش ئۆپۆزسیۆنن، لیستەکانی دیکەش ئۆپۆزسیۆنن، بۆ لیستی گۆڕان وانو خەڵکانی دیکە وا نین؟

**ڕۆژنامە:** بەڵام چۆن ئۆپۆزسیۆنێك؟

ـ خۆ لە لیستی گۆڕان وجودی زیاتر هەبووە، کورسی زیاتری هەبووە، ئەوە وەك حەقێکی سروشتی هەموومان بۆمان هەیە بەشداربین لەبڕیاردا، بەڵام بەشێوە ئسوڵییەکەی، نەك بەشێوەی ڕەتکردنەوەی تەواو، ئەوەی لەسلێمانی هەیە، زیاتر لەناو یەکێتیدا ڕوویداوە، قورسایی یەکێتیش زیاتر لەسلێمانییە، ئەم ڕەوتەش کە دروستبووە، زیاتر لەچوارچێوەی ئەم ناوچەیەدایە، بۆ



ئەوەش لیستی گۆڕان دەستپێشخەرە نەك ئێمە. من وەك حکومەت جارێك تەحدیدی ڕۆژەکەی نەکرابوو، ئێوە وتتان کارمەند دەردەکرێت، بەڵام تەحەدا دەکەم هیچ کارمەندێك دەرکرابێت.

**ڕۆژنامە:** کەواتە بۆ ئەوەی کە خەڵك لەسەر بیروڕای جیاواز دەکراوە، تۆمەتە؟

ـ لە حکومەت یەك کارمەند لەسەر بیروباوەڕ لەسەر لیستی گۆڕان دەرکرابێت لەتۆ زیاتر دیفاعی لێدەکەم، بەڵام لەپۆستێك پۆستی منو یەکێتی بێتو لەشوێنێك بێت بۆ حکومەت ئیش نەکات لەو پۆستە لایدەبەم. کاتێك وەزارەت تەشکیل دەکرێت، هەرکەسێك خەڵك خۆی لەو وەزارەتە دادەنێت، ئەگەر یەکێتی نەبێت من لەو پۆستە دانانرێم.

**ڕۆژنامە:** قسەت ڕاستە، هیچ بەڵگەیەکی نووسراو نییە، کەواتە زۆر بە لێزانانە خەڵکتان دەرکردووە؟

ـ هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ خەڵك دەرکردن. خۆم بە شەخسی بزانم شتی وا هەیە، قەت قبوڵی ناکەم.

**رۆژنامە :** بابچینە سەر مەسەلەیەکی دیکە، ماوەیەك لەمەوبەر حکومەت وتی ٢٥ هەزار کەس دادەمەزرێنین، لەپارێزگای سلێمانیش دەستکرا بە ناونووسین، نزیکەی ٢ هەزار کەس ئەوانە دادەمەزرێن؟

ـ نا، بە پارێزگاریشم وتووە، دامەزراندن بە ئسولّە، دامەزراندن ئەوەیە هەر وەزارەتێك خەڵك دەچێت بۆی، میلاکەکەی بۆ دانراوەو ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر دەکاتو پێیدەوترێت معامەلە بکات. لەفەرمانگەکەی خۆی دادەمەزرێت.

ئەوەی ئێستا کراوەو ئیستیمارەیەکیان بە ٥٠٠ دینار بڵاوکردۆتەوە، پڕی بکاتەوەو دادەمەزرێت، شتی وا نییە.

**رۆژنامە :** بە بۆچوونی تۆ بۆچی ئەمە کراوە؟

ـ لەگەڵ کاك دانا قسەمکردووەو چارەسەرمکردووە، وتم واناکرێت، خۆ هەر ئەمجارە دامەزراندن نەبووە، هەموو ساڵێك خەڵکمان دامەزراندووە، بەڵام لەرێگەی وەزارەتەکەوە.

**رۆژنامە :** کەواتە پارێزگا دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە خەڵك دابمەزرێنێت؟



ـ دەبێت لەچوارچێوەی پلانێکدا بێت، میلاکی وەزارەتەکان نادرێتە پارێزگا، لەهەولێر ئەمە بووە، لەدهۆك بووە، بەڵام پارێزگار دەسەڵاتی هەیە بەپێی میلاکی پارێزگاکەی.

**رۆژنامە :** ئێستا کۆمەڵێك خەڵك بە تەنسیب نێردراونەتە فەرمانگەکان، ئەوانە چی لێدەکەن؟

ـ وتوومانە موباشەرەیان پێ مەکەن. ئەگەر تازەبووبن، موباشەرەیان پێ ناکەن . وەزارەتی دارایی رێنمایی دەرکرووە بۆ هەموو وەزارەتەکانو فەرمانگەکانی سلێمانی، پێیان وتراوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر نەکردبوو، لەوەزارەتی دارایی پارەکەی بۆ دانانرێتو دانامەزرێت.

**رۆژنامە :** باسی ئەوەت کرد، بۆ لەسلێمانی وایە بۆ لەهەولێر وا نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سلێمانی پێشتر پشتگوێ خراوەو وەك هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵکەکە، بەتایبەت یەکێتییەکان بۆ نموونە زیاتر لە ١٠٠٠ خوێندکاری زانکۆ هەریەکەیان ١٠٠ هەزار دینارتان پێداوە؟

— یەکەمجار ١٠٠٠ بوونو دوایی وتیان زیاترن، ٢٥٠مان زیادکرد، وتیان کۆمەڵێك خوێندکاری هەژار هەن، بۆ کاتی تاقیکردنەوەکان ئەوەمان خەرج کرد.

**رۆژنامە :** ئەی لەهەولێرو دهۆك هەژار نییە؟

— لەسلێمانی هاتنو پێشنیازیان کرد بۆ خۆیان ئەمەشمان لەسەر بودجەی حکومەت کردووە.

**رۆژنامە :** ئەی ئەوانی دیکە خوێندکار نین؟

— ئەوانەی هاتونەتە لای من، هەندێك شت هەیە لەدهۆك دەکرێتو لەسلێمانی ناکرێت

**رۆژنامە :** ئەمە دڵنەوایی خەڵکی سلێمانی نییە؟

— دەکرێت لەمە زیاتر بکرێت بۆ سلێمانی. ئەوەی لەتوانامانەدا بووە درێغیمان نەکردووە، بەڵام باردۆخی سلێمانی ململانێکانی وای لێکردووە جار هەیە دوابکەوێت شەڕی ناوخۆ کاریگەریی خۆی جێهێشتووە، نەبونی میزانییە کاریگەری خۆی هەیە زۆری سەرچاوەی بڕیاردان، سەردەمانێك لەسلێمانی تا بڕیارێك دەردەچوو، دەبوو ٣ـ ٤ لایەن موافەقەتی لەسەر بکردایە، لەهەولێر یەك بڕیاردەر هەیە.



**رۆژنامە :** ئێستا ئەوە نەماوە؟

— ئینشائەڵڵا نامێنێت، ئەگەر بەرچاومان رونتربێتو یەك بڕیاردەرمان هەبێت، باشترە لەوەی تەرەدوت هەبێتو سەرچاوەکانی بڕیار تێکبدرێت؟

**رۆژنامە :** ئەم گرفتە لەناو یەکێتیدا بووە یان لەناو حکومەتدا؟

ـ ئیدارەی یەکێتی کێ بووە، ئەوانەی قیادەی یەکێتی بوون، لەحکومەتیشدا بوون بۆ ئەوانەی جیابونەتەوە شەریك نەبوون لەبڕیار یان خاوەن بڕیاری راستەقینە نەبوون، ئەوانە لەکوێ بوون کە کابینەکان پێکهێنراون؟

**رۆژنامە :** کەواتە کێشەکانی ناو حیزب کاریگەریی لەسەر پرۆژەکانی حکومەت هەبووەو زیانی بە خەڵك گەیاندووە؟

ـ بەڵێ

**رۆژنامە :** وەك جێگری سەرۆكی حكومەت سەردانی بنكەكانت كردبوو لەهەولێر، لەچاوپێكەوتنی ئاوێنەدا وتووتە بۆ ئەوە بووە بزانم چییان دەوێت، هیچ داواكارییەكیان هەبووە؟

ـ هیچ داواكارییەكییان نەبووە، پێمخۆشە ئەو بارودۆخەی دژایەتی كردنە بگۆڕینو لەناو خۆماندا وازیلێبهێنین، یەكتر قبوڵ بكەینو گوێ لەیەكتر بگرین، زیادەڕەوی لەبۆچوونی خۆماندا نەكەین چونكە قابیلی گۆڕانە. ئێوە دەڵێن گۆڕان، ئێوەش قابیلی گۆڕانن، دەبێت ئێوەش بگۆڕێن، دەبێت گۆڕان لەخۆتانەوە دەسپێبكات، ئەگەر خۆتان گۆڕانتان نەكرد، ناتوانن گۆڕان بەخەڵك بكەن، ئایا ئێوە گۆڕاون، ئەو برادەرانە گۆڕاون سیستمەكە گۆڕاوە؟

**رۆژنامە :** ئەوان دەیانەوێت بیگۆڕن.....

ـ ئەو مەبدەئە گرنگە، دەبێت گۆڕان لەخۆتەوە دەستپێبكەیت. كاتێكیش چوومە لای بنكەی گۆڕانو سەردانی بنكەكانی دیكەشم كردووە، لەهەولێر وەك هەڤاڵانی جاران قسەمان كردووە، وتم لەسلێمانیش



سەردانیان دەكەم فیكرەكە لەسلێمانی بوو، بەڵام فریانەكەوت كە من چوومەتە لایان بۆ ئەوە بووە نیازێكی پاكی نیشان بدەین، كە من وەك حكومەت بێلایەنمو زەمینەش بۆ هەموویان فەراهەم بكەینو ململانێ بكەن، خەڵك نەترسێت سەركەوتنی ئەم پرۆسەیە بەدەستكەوتێكی باش بۆ دیموكراسی دەزانم. من پێمباشە ئۆپۆزسیۆن هەبێت، ململانێی دیموكراسی هەبێت جار دوای جار زیاتر پێش دەكەوین.

**رۆژنامە :** باست لەسوودی ئۆپۆزسیۆن كرد، بەبڕوای چاودێران ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دروستبووە، كاریگەریی باشی هەبووە، لای ئێوەش وایە؟

ـ هەم سوودی هەبووە هەمیش زیان، سودی ئەوەیە كە هەموومان كەوتوینەتە خۆمان ئیشی باش بكەین، زیانیشی هەبووە كە هەندێكجار شكاندنەكە گەیشتۆتە ئێسقان.

□

# بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# ساڵانی (٢٠٠٨ ــ ٢٠٠٩)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| □□□. | هەرێمی کوردستان و تورکیا | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٨ |
| □□□. | پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠٠٨ |
| □□□. | جلال الطالباني رجل القرار | حوار مع الفضائية العراقية | ٢٠٠٨ |
| □□□. | لەکیبیە هاردییەوە بۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| □□□. | دەسەڵاتی دادوەری | گۆران ئازاد حەمە گەمحان | ٢٠٠٨ |
| □□□. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ٢٠٠٨ |
| □□□. | كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧ | قسم البحوث واستطلاعات الرأي | ٢٠٠٨ |
| □□□. | مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□. | گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ | | ٢٠٠٨ |
| □□□. | پرۆژەی قانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| □□□. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ٢٠٠٨ |
| □□□. | كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٨ |
| □□□. | ئاشنابوون بەسۆسیال دیموکراتی | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| □□□. | جیهانێکی دادپەروەر شیاوە | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| □□□. | لێپرسراوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| □□□. | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| □□□. | كردستان والحقوق القومية للتركمان | د. مكرم الطالباني | ٢٠٠٨ |
| □□□. | قەیرانەکانی دیموکراسی | نووسینی: رالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە:<br>ئیسماعیل حەمەئەمین | ٢٠٠٨ |
| □□□. | قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□. | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵڵا یونس | ٢٠٠٨ |
| □□□. | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا تاریق رەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |
| □□□. | نوروز عید الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزیز محمود | ٢٠٠٨ |
| □□□. | الکرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزیز محمود | ٢٠٠٨ |
| □□□. | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە: مەسعود بابایی | ٢٠٠٨ |
| □□□. | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | ٢٠٠٨ |
| □□□. | علمیني یا کرکوك کیف ابکیك | محمد شوان | ٢٠٠٨ |
| □□□. | چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | ٢٠٠٨ |
| □□□. | مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية | ترجمة: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| □□□. | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | ٢٠٠٨ |
| □□□. | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوونو نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | ٢٠٠٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□. | پیسبوونی بینینو کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی | هەوراز محەمەد | ٢٠٠٨ |
| □□□. | شارەزوورو لوڕستانی باکوور | د. حسام الدین نەقشبەندی | ٢٠٠٨ |
| □□□. | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوفو سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ | ٢٠٠٨ |
| □□□. | زاراوەکانی کۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| □□□. | دەرکەوتنی رێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عیراقدا | یوسف گۆران | ٢٠٠٩ |
| □□□. | سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بەکەرکوکو فیدراڵی | ئارام رەفعەت | ٢٠٠٩ |
| □□□. | مشکلة تقیید السلطة السیاسیة بالقانون | زانا رؤوف حمەکریم | ٢٠٠٩ |
| □□□. | یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا | و. خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| □□□. | سجالات عربیة کردیة | د. هەڵکەوت حکیم | ٢٠٠٩ |
| □□□. | ئیدارەی کوردی ئاستەنگو ئاسۆی گەشەکردن | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ▯▯▯. | سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، ڕەخنە) | د. ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | بیر ـ ئاوەز ـ زمان | فوئاد عەبدولڕەحمان | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | مدينة إله القمر | تأليف: تمارا . إم. غرين<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | ئەستێرەی سوور ـ بەشی یەکەم | بوار نورەدین | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | ئەستێرەی سوور ـ بەشی دووەم | بوار نورەدین | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | لەبارەی کوردو عیراق‌و چەند پرسێکی فکری و سیاسییەوە | نووسینی: شاکر نابولسی<br>و: عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | هاریکاری نوێ | و: کارزان کاوسێن | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەرهەڵدانی شۆڕشدا | سەمەد زەنگەنە | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | مێژووی بیری کوردی | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | بایەخی جیۆپۆلۆتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك | تارق کاکە ڕەش | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | گەشتنامەی ئەسفەهانی بۆ ناوچەی شنۆو ورمێ و ڕەواندوز | و. لەئەڵمانییەوە: ماکسیمیلیان بیتنەر<br>پێشەکی‌و پێداچوونەوە: مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ▯▯▯. | کۆمەڵگەی مەدەنی مێژوویەکی ڕەخنەگرانە | کامیل محەمەد قەرەداغی<br>کردوویەتی بە کوردی | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | بەرگریکردنمان لە قەڵای هەولێر ساڵی ١٩٩٠ | عبدالرقیب یوسف<br>هەینی قادر | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | تاڵەبانی و جۆرج واشنتۆنی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| ▯▯▯. | دە پرسیاری کۆمەڵناسی | ن: جوێڵ شارۆن<br>و: هێمن شەریف | ٢٠٠٩ |